DEVELOPMENTAL DISABILITIES ADMINISTRATION (DDA)

# ئاگاداری لە کۆتایی هاتنی توانایێکان لە تەمەنی چوار (4)

Washington State Department of Social & Health Services
Transforming lives

بەروار:

ناو و ناونیشانی موشتەری

ناو و ناونیشانی نوێنەر

لە وەڵامی **ئاگاداری لە کۆتایی هاتنی توانایێکان لە تەمەنی چوار (4)**

منداڵی تۆ ئێستا موشتەرێکی DEVELOPMENTAL DISABILITIES ADMINISTRATION (DDA) ە. بەرنامەی لە خۆگرتنی DDA لە چوارەمین ساڵیادی لە دایک بوونی منداڵەکەت کۆتایی دێت. بۆ وەیکە منداڵەکەت لە چوارچێوەی بەرنامەی DDA دا بمێنێتەوە دەبێت بەر لە وەیکە منداڵەکەت تەمەنی بگاتە 4 ساڵ داخوازی بۆ بکەی. بارودۆخی منداڵەکەت دەبێت لە ژێر یەکێک لە وانەی خوارەوە دا بێت تا دووبارە بۆ لە خۆ گرتنی بەرنامەکە بریاری بۆ دەرچێت: ناتوانی مێشکی، ئیفلیجی مێشکی، ئێپلیپسی و فێ گرتن، ئۆتیسم، ناتوانی و نەخۆشی عەسەبی دیکە وەکوو ناتوانی مێشکی.

ئێمە خشتەی بەڵگەکانی پێویستمان چەسپاندوە تاکو تۆ بزانی چ شتێک پێویستە بۆ بریاردان لە سەر شیاو بوون بۆ بەرنامەکە.

**چۆن دەبێت من داخوازی دووبارە بدەم؟**

کەمی کەم 90 ڕۆژ بەر لە چوارەمین ساڵیادی لە دایک بوونی منداڵەکەت بۆ داخوازی کردنی دوبارەی پاکەتەکە، پەیوەندی بە کارمەندانی بەشی بڕی وەرگیراو و مەرجداربوون (Intake & Eligibility) لە بەرنامەی DDA بکە. تۆ دەتوانی ئەو کارە لە ڕێگای نوسراوە و یا پەیوەندی تەلەیفونی بەو ژمارانەی کە لە خوارێ نوسراوە جێ بەجێ بکەی. پاکەتی داخوازیت بۆ پۆست دەکرێت. تۆ بەڵگەکانی داخوازی کردنت بە جۆری ئۆنلاین لە ڕێگای ئەو لینکە دەست دەکەوێت: https://www.dshs.wa.gov/dda/consumers-and-families/eligibility.

**ئەگەر من دووبارە داخوازی نەکەم چی ڕووی دەدات؟**

ئەگەر تۆ داخوازی دووبارەی خۆت بە وەرگرتنی پاکەتەکە پێشکەش نەکەی و یا ئەگەر تا ماوەی 60 ڕۆژ بەر لە ساڵیادی لە دایک بوونی منداڵەکەت داخوازی نامەکەت نەگەڕێنیوە، شیاوێتی منداڵەکەت بۆ لەخۆ گرتنی لە بەرنامەی DDA لە چوارەمین ساڵیادی لە دایک بوونی کۆتایی دێت. ئەگەر منداڵەکەت لە چوارچێوەی بەرنامەی DDA خزمەت گوزارێکی یارمەتی ماڵی وەربگرێت، ئەو خزمەت گوزاریە لە چوارەمین ساڵیادی لە دایک بوونی منداڵەکەت کۆتایی دێت.

**کۆتایی هاتنی شیاو بوونی منداڵەکەت لە ناو بەرنامەی DDA دا لە سەر بەشداری ئەو لە بەرنامەی فێربوونی تایبەتی ئەو (Special Education) و یا شیاوێتی ئەو بۆ SSI شوێنەواری نابێت. لە سەر خزمەت گوزاری DSHSش وەکوو TANF، Medicaid، و یا یارمەتی خۆراکی کە تۆ لە وانەیە وەری بگری شوێنەواری نابێت.**

تکایە لە زووترین کات جواب دەوە، بەڵام لە ماوەی 90 ڕۆژ بەر لە چوارەمین ساڵیادی لە دایک بوونی منداڵەکەت. ئەگەر ئێمە هیچ جواب و وڵامێک لە تۆ نەبیستین، ئەو مانایە دەگەیێنێت کە تۆ ناتەهەوێ شیاوێتی منداڵەکەت لە ناو بەرنامەی DDA دا درێژە پێ بدەی. بێ ئامادە کردنی بەڵگەی گونجاو بۆ شیاو بوونی منداڵەکەت بو بەرنامەکە تا تەمەنی 4 ساڵی، بە رنامە ی DDA و خزمە ت گوزاریکانی لە (4 مین) ساڵیادی لە دایک بوونی منداڵەکەت کۆتایی دێت.

تکایە لە ئەگەری هەبوونی هەر پرسیارێک و یا داخوازی کردنی پاکەتەکە پەیوەندی بکە بە

ناو ____________________ ژمارە تەلیفون ____________________ ئیمەیل ____________________

کۆپێک لە یاساکانی حکومی دەربارەی چۆنێتی شیاو بوونی بۆ بەرنامەکە بە جۆری ئۆنلاین لە سەر داخوازی کردن لە ماڵپەڕی https://www.dshs.wa.gov/dda/consumers-and-families/eligibility دەست دەکەوێت.

CC: فایلی موشتەری

## خشتەی بەڵگەکانی پێویست

| بارودۆخی ناتوانێتی | تەمەن | دۆزینەوەی نەخۆشی | پزیشکی پسپۆڕی دۆزینەوەی نەخۆشی | پێشینیکانی دیکە |
|---|---|---|---|---|
| وەپاش کەوتنی پەرەپێدان | تەمەنی 4 ساڵ تا 9 ساڵ | وەپاش کەوتنی پەرەپێدان | کەسێکی پسپۆڕ و لێهاتو بۆ هەڵسەنگاندنەکانی پەرەپێدانی و هەڵسەنگاندنەکانی دیکە | تەمەنی 4 ساڵ تا 9 ساڵ – وەپاش کەوتنی سێ و یا زیاتر لە لادانی ستانداردی ١,٥ لە ژێر قەبارەی نیوەڕاستی خۆ1.5 یا 25% ڕێک بوونی تەمەنی لە سەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئێستایی لە ماوەی 12 مانگی ڕابردوودا. |
| ناتوانی مێشکی | تەمەنی 4 ساڵ و زیاتر | ناتوانی مێشکی | دەروناسێکی ڕێگەپێدراو، دەروناسی ناسراوی قوتابخانەی Washington یا دەروناسی قوتابخانەیی کە لە لایان ئەنجومەنی نیشتمانی دەروناسانی قوتابخانەیی ناسراو و ڕێگە پێدراو بێت. | هەڵسەنگاندنی تەو1.5 باری هۆشی (Full Scale IQ) بۆ لادانی ستانداردی ١,٥ لە ژێر قەبارەی نیوەڕاست و ڕادەی هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی خۆ ڕێک خستن بۆ زیاتر لە دوو لادانی ستاندارد لە ژێر قەبارەی نیوەڕاست لە ماوەی 36 مانگی ڕابردوو دا تەواو کراون. |
| ئیفلیجی مێشکی | تەمەنی 4 ساڵ و زیاتر | ئیفلیجی مێشکی<br>ئیفلیجی چوارینەیی (Quadriplegia)<br>ئیفلیج بوونی لایێکی لەش (Hemiplegia)<br>ئیفلیجی (Diplegia) | پزیشکی ڕێگەپێدراو | دەست پێکی پێش سێ ساڵی و زانیاری پاڵپشتیدەر بۆ پێویستی یارمەتی جەستەیی ڕاستەوخۆ لە دوو یا زیاتر لە دوو ناوچە (دەست بە ئاو گەیاندن، خۆ شوشتن، خواردن، جل لەبەر کردن، جووڵە کردن، و پەیوەندی کردن). |
| فێ گرتن | تەمەنی 4 ساڵ و زیاتر | نەخۆشی فێ گرتن و لە هۆش چوون | ئەنجومەنی پسپۆڕانی ڕێگە پێدراو (Board Certified Neurologist) | دۆزینەوەی نەخۆشی لە سەر بنەمای ڕابردو پێشینیکانی پزیشکی و هەڵسەنگاندنی عەسەبەکان، پشت ڕاست کردنەوە کەی لە لایان پزیشکان و یا پسپۆڕی عەسەبەکان بۆ نەخۆشێکانی فێ گرتن و لەهۆش چوون کە لە ژێر کۆنترۆڵ دا نین و ئێستاش درێژەیان هەیە، هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی خۆ ڕێکخستن بۆ زیاتر لە دوو لادانی ستاندارد لە ژێر قەبارەی نیوەڕاست سنوورێکی زۆر نیشان دەدات. |
| ئۆتیسم (Autism)<br>(بۆ هەر DSM-IV-TR) | تەمەنی 4 ساڵ و زیاتر | نەخۆشی ئۆتیسم (Autism) و یا ناڕاحەتی پەیوەندیداری ئۆتیسمی<br>نەخۆشیی ئۆتیزم (Autistic Disorder)<br>بۆ هەر ٢٩٩,٠٠ لە DSM-IV-TR | دەروناسێکی ڕێگە پێدراو، پزیشکێکی ڕێگە پێدراو و یا ARNP ی پەیوەندیدار بە ناوەندێکی ئۆتیسم (autism)، ناوەندی پەرەپێدان، یا ناوەندی پەروەردە، و یا ناوەندێکی ئەنجومەنی ڕێگە پێدراو (Board Certified): پزیشکی عەسەب ناسی، پزیشکی دەروناس، و یا پسپۆڕی پەروەردەیی منداڵان | هەڵسەنگاندنی تەواو بۆ هەر DSM-IV-TR کە گشت پێوانەکانی دەسنیشانکردنی نەخۆشی دەستەبەر دەکات، بەڵگەی دواکەوتن یان چالاکییەکانی نائاسایی بەر لە تەمەنی (5) ساڵی بۆ شارەزایی و توانایەکانی کۆمەڵایەتی، زمانی، پەیوەندی کردن یان کایەکردنی خەیاڵی و هێمایی، و تاقیکاری لێهاتوویی خۆڕێکخستن کە سنوورێکی بەرچاو پیشان دەدات لە کرداری گونجاندنی زیاتر لە دوو لادانی ستاندارد لە خوارەوەی ئاستی مامناوەند. |
| نەخۆشی<br>نەخۆشیی شەبەنگی ئۆتیزم (Autism Spectrum Disorder)<br>(بۆ هەر DSM-5) | تەمەنی 4 ساڵ و زیاتر | نەخۆشی<br>نەخۆشیی شەبەنگی ئۆتیزم Autism Spectrum) 299.00 (Disorder هەر DSM-5 | دەروناسێکی ڕێگە پێدراو، پزیشکێکی ڕێگە پێدراو و یا ARNP ی پەیوەندیدار بە ناوەندێکی ئۆتیسم (autism)، ناوەندی پەرەپێدان، یا ناوەندی پەروەردە، و یا ناوەندێکی ئەنجومەنی ڕێگە پێدراو (Board Certified): پزیشکی عەسەب ناسی، پزیشکی دەروناس، و یا پسپۆڕی پەروەردەیی منداڵان | هەڵسەنگاندنی تەواو بۆ هەر DSM-V کە گشت پێوانەکانی دەسنیشانکردنی نەخۆشی دەستەبەر دەکات، بەڵگەن لەسەر دواکەوتن یان چالاکییەکانی نائاسایی بەر لە تەمەنی (5) ساڵی، تاقیکاری لێهاتوویی خۆڕێکخستن کە سنوورێکی بەرچاو پیشان دەدات لە کرداری گونجاندنی زیاتر لە دوو لادانی ستاندارد و FSIQ لادانێکی ستاندارد یان زیاتر لە خوارەوەی ئاستی مامناوەند پیشان دەدات. |
| عەسەب ناسی و نۆرۆلۆژی دیکە و یا بارودۆخی هاوشێوەی ناتوانی مێشکی | تەمەنی 4 ساڵ و زیاتر | نەخۆشی تێک چوونی عەسەبی و نۆرۆلۆژی و یا کرۆمۆزۆمی کە دەبێتە هۆکاری تێک چوونی لێهاتوویی مێشک و بیرکردن | پزیشکی ڕێگەپێدراو | هەڵسەنگاندنی تەو1.5 باری هۆشی (Full Scale IQ) بۆ لادانی ستانداردی ١,٥ لە ژێر قەبارەی نیوەڕاست و ڕادەی هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی خۆ ڕێک خستن بۆ زیاتر لە دوو لادانی ستاندارد لە ژێر قەبارەی نیوەڕاست لە ماوەی 36 مانگی ڕابردوو دا تەواو کراون. |
| **تێبینی: ئەو فۆرمە تەنیا ڕێنوێنێکی گشتیە و لە وانەیە بەرنامەی DDA پێویستی بە زانیاری و هەڵسەنگاندنی زیاتر هەبێت. ئەو بەڵگانە یەکەم هەنگاون بۆ ڕوونکردەوەی شیاوێتی بەرنامەکە. شیاو بوونی بەرنامەی DDA لە ناو چەپتەری ٣٨٨تا 388-823ی WAC دا ڕوون دەبێتەوە.** | | | | |